# شۆڤێنیەتی تورکیا

## لەبەردەم ئاشتیخوازی و دیموکراسی کورددا شکست دێنێت

====================================

* نەوزادی موهەندیس *

Nawzad_mohandis@yahoo.com

* ئاشکرایە لەرۆژانی 29و2007/6/30دا کۆنگرەی گشتی رێکخراوی ئەنتەرناسیونالٚ لەشاری جنێفی سویسری سازدرا، بەبەشداری زیاتر لە نوێنەری 100 دەوڵەت و پارتی سیاسی لەهەموو دونیادا، هەر لەسەرۆک و سەرۆک وەزیران و وەزیرو سەرۆکی پارتی سیاسی کە ئەندامی ئەو رریٚخکراوەن .

ئاشکرایە SI بەدووەم رێکخراوی گەورەی جیهانی دادەنرێت لە رووی ژمارەی ئەندامانیەوە لە دوای رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە.ئەم ررێخراوە هەموو پارتێکی سیاسی لە خۆدەگرێت کە بڕوای بەسێ کوچکەی (ئاشتی و دیموکراسی و عەدالەتی کۆمەلاَیەتی ) هەبێت و لەبەرنامەی سیاسی خۆیدا بیچەسپێنێت و هەوڵی بەدیهێنانیشی بدات .

یەکێ لەو ئەندامانەی کە بەشداری ئەم کۆبونەوەیە بوو وەفدی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو وەک ئەندامی کارای ِرێکخراوەکە بەسەرۆکایەتی بەریز "مام جەلال "وەفدی هاورێی لە بەریز "مەسعود بەرزانی " سەرۆکی هەریم و مەکتەبی سیاسی هەردولا و چەند کەسایەتیەکی عیراقیش .

ئامادەبونی بەریز "مام جەلال "هەم وەک سەرۆکی کۆماری عیراق و هەم وەک سکرتیری گشتی "ی.ن.ک "بەهەموو سەنگ و قورسایی و میژوو خەباتی لەو پیناوەدا، هێندەی دی گرنگی کۆبونەوەکەو ئامادەبونیانی زیاد کرد .

بەریز "مام جەلال " لە دوو ووتاری کردنەوەو کۆتایی کۆنگرەکەدا باسی دورودریژی ئاشتی و پیکەوە ژیان ودیموکراسیەت و بارودۆخی عیراق و کوردستانی کرد، جەختی لەسەر پیکەوە ژیان و ئاشتی و تەبایی هەموو گەلانی ناوچەکەی کردەوە دوور لە بەکارهێنانی هیزو توندو تیژیو ئیرهاب .

ئەم وتانەی بەریز "مام جەلال "بونە مایەی خۆشحالٚی و پەسەندکردن و چەپلەریزان و هەستانە سەرپێی سەرجەم ئامادەبوان و هەموانیش پشتگیریان لەکارو کردەوەو هەلٚویستی کورد کردەوە لەم قۆناغە ناسکەدا .

بەتەنیا ساین ( دێنیس بایکالٚ ) سەرۆکی پارتی گەلی کۆماری تورکیا نەبێت، کە بەگیانێکی شۆڤێنی و کورت بینی و دوور لە هەموو هەلٚسوکەوتێکی لیپرسراوانەو سۆسیالیستانە نارەزایی دەربری و چووە دەرەوەی هۆلٚەکە لەکاتی خوێندنەوەی وتەکانی بەریزان "مام جەلال " و" کاک مسعود"دا .و هەر ئەمەش وایکرد کە سەرجەم ئامادەبوان نارەزایی دەرببرن و ئاگاداریشی بکەنەوە کە ئەو هەلٚسو کەوت و مامەلٚە ناشارستانیە لە قازانجی تورکیادا نیە .

ئەم هەلٚویستە شۆڤێنی و دەمارگیری و تورانیەی دێنیس بایکالَ ئەو راستیە دەردەخات کە تاکو ئیستاش تورکیا و سەرکردەکانی بەئیسلامی و عیلمانی و توندرە و میانرەوەوە بروایان بە ئاشتی وپیکەوە ژیان و مافی چارەنوسی گەلان نیە بەتایبەتیش گەلی کورد.

ئەوان لەئیستاشدا بەرۆحیەتی سەردەمی سوڵتانەکانی عوسمانی و کەمالیەکان کاردەکەن و خۆیان بەمیراتگری عوسمانیەکان دەزانن و داوای خاکی ئەو ولاَتانە دەکەن کەپیش لە سەدەیەک لەژیر دەسەلاَتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا بون وەک ویلایەتی موصلَ.سەرکردەکانی تورکیای ئیستا هەروا دەزانن کە سەردەم سالَی 1923ی رێکەوتنامەی لۆزانە ، نازانن کە دونیا شەپۆلێ گۆرانی گەورەی و ریشەیی بەسەردا هاتوە هەر لە بواری سیاسی و ئابوری و سەربازی و پەیوەندیە نیودەوڵەتیەکان و ...هتد. ئەو تورکیایەی

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**ئەو کات و سەدەی بیستەم نەماوەو بەهەمان شیوەش کوردیش هەمان ئەو کوردە بێبەش و بەشخوراو دابەشکراو و بێ‌پشت و پەنایەی جاران نەماوەو مەسەلەی کوردیش وەک جاران بچوکو قەتیس کراو نەماوە کە تورکیاو ناحەزانی کورد ڕیگەی چارەسەرکردنی لیبگرن بەشەڕ و توندو تیژی و هەڕەشەو گورەشە .**

**کورد لە ئیستادا لە هەموو دونیاو ناوچەکە بەگشتی و لە عیراقدا بەتایەتی دەنگوڕەنگی بینراوەو لە هەموو هاوکیشەو گۆڕانکاریەکاندا حسابی بۆ دەکرێت وەک گەلێکی ئازادو زیندوو ئاشتیخواز.**

**ئەم کۆنگرەیە جارێکی تر سەلماندیەوە کە کورد بی پشتوپەناو بێکەس نەماوەتەوە تا تورکە شۆڤێنی و تورانیەکان بەئارەزوی خۆیان دەنگو ڕەنگی کپ و بسڕنەوە .**

**هەڵوێستی SI بۆ بەڕیز "مام جەلال"و کورد نامەیەکی بەهیزە بۆسەرانی تورکیاو سوپاکەی و بۆ هەموو ناحەزانی تری کورد کە بۆیان نیە بەشەڕ و توندو تیژی کورد بچەوسێنەوە، و دونیا و هیزە گەورەکان لە ئەوروپاو ئەمریکادا ڕیگەیان پی نادەن.**

**هەر بۆیە لە دوای ئەم کۆنگرەیەوە هەقە سەرانی تورکیا عاقڵانەتر و مەنتیقانەتر هەڵسو کەوت و مامەڵە لەگەڵ کوردو مەسەلەو سەرکردایەتیەکەیدا بکەن وەک دیفاکتۆ، چونکە دوور لە ئاشتی و پێکەوە ژیان و تەبایی هیچ لایەکیان سوودمەن نابن، بۆیە پیویست دەکات مەسەلەی پەکەکەو دراوسییەتی و کاری هاوبەش لە نیوان تورکیاو هەریمی کوردستاندا لەسەر بنچینەی ڕیزگرتن لە سنورەکان و بڕیارە نیودەوڵەتیەکان بێت و بەشیوازی سیاسی و دیبلۆماسی گفتۆگۆیان لە بارەوە بکرێت نەک بەهەڕەشەو هیرشی سەربازی و ...هتد، بەپیچەوانەوە تورکیاو سەرانی تورکیا گەلی تورک دەخەنە گیژاوێکەوە کە دەرچوونیان سانا نابێت، چونکە ئەوان لە ئیستادا تەنیا بەو کارەیان دژی کورد نین بەڵکو دژی بنەمای ڕێکخراوێکی گەورەی سیاسیشن لەدونیادا، چونکە کوردو ( ی.ن.ک ) ئەندامی کارای ئەو ڕریکخراوەن، و ئەم هەڵوێست و پشتگیریەی SI لە کوردو "مام جەلال" سەرەتای ئەو هەڵویستەیە دژی تورکیا.**

**"مام جەلال" بەم هەڵویستە نەرمونیان و ژیرو ئاشتیخوا و دیموکراسیانەی توانی سەرکەوتنێکی گەورە بەدەست بهێنێت و شۆڤێنیەت و توارانیەتی تورکیاش شکست پیبهێنێت .**

created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image